

# گوارە تازەکان بۆ وەرزی داهاتوو

هەرچەنـــدە گرنگی بـــە مۆدەکانی جوانـــکاری بدرێ، ئەوەندە زیاتر خانمان پێویســـتیان بە مـــۆدەی تازە و هەنگاوی تازەی جوانکاری دەبێ، لێرەدا بە هەندێك هەنگاوی ســـادە جوانییەك لە جوانکاری جەستە و شێوازی تازە بەدی دەکرێ لە پێناو بە ئەمەککردنی جوانییەکی ڕەها لە مۆدە تازەکاندا، هەنگاوەکان تەنیا بیرکردنەوەو و ئامادەکارییەکی تازەی دەوێ، ئەویش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کەرەســـتە جوانەکانە کە جێگەی شیاوو و رازاوەیی بێ، گوارەکان یەکێك دەبن لەو جۆرە ئێکســـوارانەی کە لە وەرزەکان گۆڕانکاری بەســـەر مۆدە و شـــێوەکانیان دادێ، بەمەش دەبـــێ خانمان ئاگادار بن لەو جۆرە شـــێوازەی کە هەڵیدەبژێرن و مۆدەیەکی تازەش تۆمار دەکەن، بۆ وەرزی داهاتوو کە وەرزی وەرینی گەڵاکانە، دەکرێ شـــێوازێکی تایبەت لە گوارەکان ئامادە بکرێن تا لە نزیکەوە مۆدەیەکی کراوە و شایســـتە بێ بە گوێچکەی خانمانەوە.


## ئەنگوستیلە مۆدەی وەرزی پایزن

**ئێکسسواراتی (جوجو) - هەولێر**


**کچانی کورد کەرەســـتەی جوان و ئێکسسواری ناسك دەپۆشـــن، هەر یەکە بەگوێرەی حەز و ئارەزووی خۆیان هەڵیدەبژێرن و ئەمەش وادەکات کە چەندین مۆدەی جیاواز دەربخات، سەبارەت بە ئێکسسوارەکانیش خانمان زیاتر روو لە کەرەستەی هاوشێوەی ئێکسسوارە کوردییەکان یان ئەوانەی زیاتر بە کەلوپەلی کوردی دەچن، یەکێك لەو ئێکسسوارانەی ئەمڕۆ کچان روویان تێکردووە بریتییە لە ئەنگوستیلە، بۆ ئەو خانمانەی کە شوویان نەکردووە، یان بەشێکیش لەوانەی خێزاندارن دەیپۆشن بۆ جوانی، مۆدەی ئەنگوســـتیلەکانیش بە گوێرەی تازەگـــەری و مۆدە جوانەکانەوە دەردەکەون، تەنانەت شـــیاوی رازاوەیین کاتێك شـــێوەیەکی بەرچاو و رازاوەیان دەبێ، شێوەی تازەی مۆدەی ئەنگوســـتیلەکان بە جوانترین شێواز ئامادەکراون، کە بە نەخشێك لەسەرەوەی ئەنگوستیلەکە و یان رەنگێکی جوان کاری بۆ کراوە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە مۆدە تازەکان کە جێگەی بایەخی کچان دەبێ بۆ ئەوەی پەنجەکانیان پێوەی رازاوە بێ.**



## ڕەشکـــردنی چاوەکـان بـــ



کارەکانی ماکیاژی چاوەکان و ڕەشـــکردن، ماندووبوونی دەوێ و دەبێ لە نزیکەوە یەکە بە یەکە هەر هەنگاوەکان بەشـــێوەیەکی راستەوخۆ و تەواو ئامـــادە بکرێ، ئەمەش لـــە کاتێکدا دەبێ کە شـــێوازی ماکیاژ کردنەکە دیاریکراو بێ، لێرەدا باس لە ڕەشکردنی چاوەکان دەکەین کـــە لە (٣) هەنگاوی تەواو لەخۆ دەگرێ، بۆ دانانی ماکیاژی ڕەشکردنی چاوەکان پێویستمان بەم کەرەستانە دەبێ: قەڵەمی ڕەشکردنی وشك و کلی تەڕ و لەزگەیـــەك. دەتوانین لەم چەند کەرەســـتەیە بە چەند هەنگاوێك کارێکی جوان






# گرنگی و ڕەونەقی پێڵاوی خانمانی بووک


خانمان بــۆ هەر بۆنە و کاتێکی تایبەت دەبێ حیســاب بۆ گشــت لایەنەکانی جوانکاری بکەن، زیاتر ڕازاوەیی بە جەســتە و جلوبەرگیانەوە ببەخشــن، ئەمەش وادەکات کە ببێتــە ڕێگەیەك بۆ زیاتر ئاڕاستەکردنی لایەنی جوانی و ڕازاوەیی لە جلەکان و مۆدەکاندا، لێرەدا باس لە لایەنێك دەکەین کە جێگەی گرنگی گشــت خانمێك دەبێ، ئەمەش کاتێك خانمان لە ڕۆژی ئاهەنگی بووکێنی خۆیان یان لەکاتی بۆنە تایبەتەکان، وەك نیشان و ڕۆژی ئاهەنگ، پێویســتیان بە گشت کەرەســتەکان دەبێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کاری خۆیان بەڕێکی بەڕێوە ببەن، یەکێك لە گرنگترین بەشــەکانی جوانی بۆ خانمی بووك، بریتییە لە پێڵاو، بە تایبەت کاتێك بەدڵلەی بووك کورت دەبێ پێڵاوەکان دەربخات، لێرەدا جوانی پێڵاوەکان بەپێی ئاستەکانی داواکردنی خانمی بووك دەبێ، ئەمەش وادەکات کە جوانترین مۆدەی هەبێ و لە نزیکەوە شایســتەی کراوەیی و گونجاندنێکی ڕێك بێ، ئەم چەند نموونەیە دەبێتە یەکێك لە تازەترین مۆدەکانی پێڵاوی خانمانی بووك.

## ــــە وێنە و هەنــگاوەکان



لە ڕەشــکردنی چاوەکانەوە ئەنجــام بدەین، بەم شێوەیە:

سەرەتا هەڵسە بە دانانی لەزگەیەك لەلایەکی چاوەکانەوە، واتە لە بەشی دەرەوەی چاو، دواتر بە قەڵەمە ڕەشــەکە کە دەبێ هەندێك تەڕ بێ، لەســەر لێواری برژانگەکانەوە دەســت پێبکە و تاوەکو کۆتایی سەر برژانگ، بەڵام لە کۆتایی دەرەوەی چاو، دەبێ زیاتر تۆختر بێ و دیار بێ، پاشان بە قەڵەمی (ئای لاینەر) بۆشایی نێوان برژانــگ و قەڵەمەکە پڕ دەکرێتەوە و تاوەکو بە جوانی ڕەشەکە بگرێ.



## جلی کوردی و ئێکسسوارە بچووکەکان

ئێکسســـوارەکان لە گشت بەشێکی جوانی جەســتەی خانمان جێگەی خۆی دەکاتەوە و دەکرێ سوودێکی گەورەیان لێوە وەربگرین، لە کاتێکدا دەبێ ئێکسسوارەکان بە گشت جۆرەکانیەوە، جێگەی ڕازاوەیـــی بێ، کاتێك لەگەڵ هەر مۆدەیەك جیاوازی خۆی نیشـــان دەدات، یەکێك لەو لایەنانەی کە خانمانی کورد سوودیان لێوە بینیوە، ئەویش بوونی ئێکسسوارەکان وەك مۆری و مەرجان لەسەر جلوبەرگدا، کە جوانییەکی ڕازاوە و بە نرخ نیشـــان دەدات و لەگەڵ ئەوەشدا مۆرکێکی کوردەواری پێوە دەنەخشـــێنێ، یەکێك لەو لایەنانە بریتییە لە پێوە کردنی مۆری و مەرجان لە بەشی سەرەوەی یان سەر سینگ و شانەکانی کراسی کوردی، کە دیمەنێکی ڕەهای هەیە و کاری ئەو ئێکسسوارە بچووکانە بە بریقەکردنی بەشـــی ســـەرەوەی دەبـــێ، بە تایبەت کاتێك لەبەر تیشـــك دەبێ، ئیتر بریقەکان بە جوانی دیار دەکەون، تەنانەت مۆدەیەکی ڕازاوەش دادەنێ لەســـەر یەکخستنی لەگەڵ جلە کوردییەکە، بەم جۆرە دانانی ئێکسســـوارە بچووکەکان، جێگەی جوانی و ڕازاوەیی دەبن لەسەر جلی کوردی.



# تازەترین تەسریحەی 2012

مۆدێلە سەیرەکان بە چەندین دیمەن و شێوەی جیاواز دەردەکەون، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە شێوەی مۆدێلە تەسریحەکان لە گشت شوێنکدا بۆ جێگەیەکی دیکە جیاوازی دەبێ، تەنانەت هەندێك لە تەسریحەکان زۆر سەیرە و دەبێتە جێگەی گومانی کەسانی دیکە، ئەگەر سەیرێکی ئەو تەسریحەیە بکەی، حاڵەتێکی سەیرت دەکەوێتە بەرچاو، کە چۆن ئەو جۆرە تەسریحەیە دەکرێ بۆ شوێنە گشتییەکان ئامادە بکرێ، ئەوەش یەکێکە لە تازەترین تەسریحەکان کە بۆ ساڵی ٢٠١٢ ئامادەکراوە، مەبەست لەوەش ئەوەیە کە کچان لەم جۆرە تەسریحەیە ببەستن بۆ دەرەوە و ناوەوە.



# بیرۆکەی کورد



بیرۆکە سەیرەکان لە کاری جوانەوە دەست پێدەکات، یان داهێنانی تاز و شێوازێکی کاریگەرن و دەتوانن بواری پێشکەوتن بەرەو لایەنێکی دیکە ببەن، بەڵام لای خۆمان داهێنانەکان بە کاری پینە و پەڕۆ دەبێ و تەنیا بۆ ئەوەیە کارێك بکەن کە کارەکە جێبەجێ بێ و ئینجا بەهەر شێوازێك بێ، کاتێك وەرزی گەرمایە و ئیتر ئاوی سارد خۆش

# سەیرترین کاری گواستنەوە بە بۆ ئوتۆمبێلە تازەکانەوە

ئوتۆمبێلە تازەکان، بە بەرهەمی تازە و سەرچاوەی ئابووری و هێمایەکی پێشکەوتن دادەنرێن، ئەمەش لە کاتێکدا لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەردا وەك کاڵایەکی مارکەدا دادەنرێ، کەچی وادیارە لە کوردستان گرنگی بەو لایەنە نادرێ و دوور لە هەموو بیرۆکەیەکی پاراستنی مارکە جیهانییەکان بە خواستی سەیرەوە کار بە ئوتۆمبێلە تازەکان دەکرێ، یەکێك لە پێشکەوتوترین کۆمپانیاکانی ئوتۆمبێل دروست کردن بریتییە لە کۆمپانیای (تۆیۆیتا)ی ژاپۆنی، کە چەندین بەرهەمی جوانی هەیە، بەڵام وادیارە لە کوردستان حیساب بۆ ئەو کۆمپانیا زەبەلاحە ناکرێ و ئەوەتا لە ئوتۆمبێلە تازەکانیان کە تۆیۆیتا (پرادۆ و کرۆڵە) کە بە تەکسی کوردستان ناسراوە، بۆتە پێگەی فرۆشتنی شووتی لەسەر پرادۆکە و بارکردنی قاز لەسەر سەقفی کرۆڵەکە.





# شازترین ئەنجامی کارتی قوتابییەک

ئەگەر سەیرێکی ئەو کارتە بکەن کە ئەنجامی قوتابییەکی ئامادەییە و لە پۆلێکی ئەدەبی دەخوێنی، سەیرە بۆ قوتابییەك ئەو جۆرە ئەنجامەی هەبێ، لە کۆی (١١) وانە تەنیا لە دوو وانە دەرچووە، یەکێك لەو وانانەش بە بڕیار بووە، ئەنجامێکی سەیر دەبێ ئەو قوتابیە چۆن بیر بکاتەوە، یان کاتێك کەسوکاری سەیری ئەنجامەکە دەکەن دەبێ چ هەڵوێستێکیان هەبێ، ئەمەش مافی خۆیەتی کە بچێتە پێشبڕکێی گینس بۆ ژمارە پێوانییەکان، کە سەیرترین و ژمارەیەکی پێوانەییە لە کەوتن لە وانەکانی خوێندن، پێویستە ئەو جۆرە ئەنجامە بەدواداچوونی بۆ بکرێ و هۆکارەکەی بزانن، ئەگینا ئەوە ئەنجام نییە! کارەساتە..

# جوانی هەیە



و بە تام دەبێ، لەم وێنەیە بیرۆکەیەکی سەیر دۆزراوەتەوە لەوەی چۆن ئاو سارد بکرێ، ئەمەش بەهۆی نەبوونی ئامێری سارد کەرەوە لە یەکێك لە شوێنە گشتییەکان، کە هەڵساون بە دانانی ئاوی خواردنەوە لەناو (دەبە) لەسەر تەڵی پەردە، کە ڕێك دەکەوێتە ژێر سپلیتەوە، دەیانەوێ بەم جۆرە ئاو سارد بکەن و بیخۆنەوە!

# پانکە بۆ جلوبەرگ و پێڵاو

داهێنانە تازەکان کاری جوانی لێوە دەبینرێ و تەنانەت دەتوانن لە ئەرکەکانیان سەرکەوتوو بن و بەرەو هەنگاوی تازە ڕێگە بگرن، ئەمەش وادەکات کە بە جۆرێکی تازە ڕێگە و شوێنی نوێ بگرنە بەر، بۆ داهێنان لە بوارە جیاجیاکانەوە، لەگەڵ وەرزی گەرما خەڵك لە خۆی و جەستەشی بێزار دەبێ بەهۆی گەرما و ئارەقەکردن، بۆیە لە داهێنانە تازەکاندا هاتووە کە لەناو جلوبەرگدا پانکەی فێنك کەرەوە دابنرێ و ئەمەش وادەکات کە هەوای ژوورەوە بگۆڕێ و تاوەکو جەستەی مرۆڤ ئارەقە نەکات، لەوەش سەیرتر، داهێنانی تازە بیرۆکەیان بۆ داناوە و کە پانکە بخرێتە ژێرەوەی پێڵاوەکان کە بتوانێ هەوا و بۆنی ناو پێڵاو بگۆڕێ و مرۆڤ ڕزگار بکات لە بۆنی پێ و ئارەقەکردنی ناو پێڵاوەکان.






# شەڕە تەماتە!

یەکێکە لە فیستیڤاڵە کۆنەکانی وڵاتی ئیسپانیا، کە ساڵانە تاوەکو ئێستاش ئەنجام دەدرێ، لە ساڵی (١٩٤٥) لەژێر ناوی (فیستیڤاڵی تۆماتینا) کراوەتەوە، کاتێك بارهەڵگرێکی پڕ لە تەماتەی ڕزیو، بەناو یەکێك لە شەقامەکانی شاری ڤالانیسیادا تێپەڕ دەبێ، ئیتر یەکێك لەسەرەوەی بارهەڵگرەکە تەماتە دەهاوێژێتە خەڵکەوە، ئیتر لەو کاتەوە بۆتە نەریتێکی ساڵانە، ئەمەش کاتێك بارهەڵگرێك لە تەماتە دەهێنن و دابەشی سەر خەڵك دەکرێ و ئیتر کەس نابێتە برای کەس، وەك لە وێنەکاندا دەبینن کە سەرتاپای جەستەیان لە ڕەنگی سووری تەماتەوە پۆشراوە.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەم هەفتەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەگشت بوارەکانی ژیانتدا دەبینیت، بەڵام دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خێزان و دەوروبەرەکەت بکەیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەو پڕۆژانەی کە دەیخەیتە بەرچاوی دەوروبەرت دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانیان، هەوڵبدە کە دڵی خۆشەویستەکەت ڕازی بکەیت، پێویستە کات بەفیڕۆ نەدەیت بەئاگادارییەوە بڕوانە پڕۆژەکەت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەم ماوەیە گشت تواناکانت بخە گەڕ تا بگەیت بە خەونەکانت بەهیواوە سەیری دوارۆژ بکە، بۆ هەموو کەسێك دڵساف مەبە، چونکە هەموویان دۆستی تۆ نین تا خۆشی تۆیان بوێت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەمڕۆ پێوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت یاخود لەگەڵ کەسوکارتدا بەرەو خراپی دەچێت، کە ئەمەش وات لێدەکات پەست بیت لەژیان، هەوڵبدە فەرامۆشیان نەکەیت، بەڵکو هەوڵبدە چارەسەری گرفتەکانت بدۆزیتەوە.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

گشت ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەژیانتا ڕوودەدەن لەبەرژەوەندی تۆدا دەبن، توانایەکی زۆرت هەیە بۆ بەرەو پێش چوون و سەرکەوتن ماوەیەکی باشە بۆبەستنی پێوەندی خۆشەویستی.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەکارەکانتا گرفت بۆ خۆت دروست مەکە، هەروەها لەبواری خۆشەویستیشدا هەوڵدە کێشە بۆ خۆت دروست نەکەیت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەتان، هاوڕێیەکت پێویستی پێتە.



## سەیرترین قوفل و کلیل

بیرۆکە سەیرەکان کاری وای بۆ دەکرێ کە جێگەی پێکەنین و سەمەرە بن، ئەوەی دەیبینن بیرۆکەیەکە بۆ داخستنی گوشێك کراوە کە کەرەستەی تێدایە، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی قوفلێکی (تۆپ کلیل) لەسەرەوەی گوشەکە، ئەوەی سەیرە ئەو کەسە بیری نەکردۆتەوە لەوەی کە گوشەکە بە ئاسانی دەکرێتەوە و قوفلەکە پێوەی بێ یان نا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە.



## بزنە جوانەکانی شاژن!

شاژنی وڵاتی بەریتانیا کە شاژن (ئەلیزابیت)ـە و زیاتر حەز بە بەخێوکردنی گیانداران دەکات، ئەوەی سەیرە لەناو گیانداران تەنیا حەزی لە (بزن)ـە و کە گیاندارێکی خۆشەویستە لەلای، ئەمەش یەکێکە لەو بزنە بەنرخانەی شاژن، کە هەردەم لە ژێر چاودێری و گرنگی دانێکی تایبەتن لەلایەن پاسەوانانی شاهانەوە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی هونەرمەندێکی کچت بۆ دەربچێ.

ۆ ی چ پ

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( هندرێن)

## مانای شتەکان لە خەون

**شێت بوون:** لە خەودا سەربەرزی و شکۆمەندی و دەوڵەمەندی و خۆشی و کامەرانییە، ئەگەر یەکێك لەخەودا بەهۆی دەست لێ وەشانەوە تێك چێت ئەوە پارە بە فایز ئەداتە خەڵکی، هەروەها شێت بوون مانای چوونە بەهەشتە یان دەسکەوتی پارەیەو زوو خەرج ئەکرێت، شێت بوونی منداڵ دەوڵەمەند بوونی باوکییەتی، شێت بوونی ئافرەت ساڵێکی خۆش و بە بەرەکەتە.

**سەرچاوە: خەوننامە!**

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (نارین) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ڕاناوێکی پرسە بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوی شتێك)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی کە گوڵ و گوڵزاری لێوە دەچێنرێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+١+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (مەڕۆ بە زمانی بادینی)
- پیتی خانەکانی (٢+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دراوی وڵاتی ژاپۆن)







## ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە.
٢- ڕێکخراوێکە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان(پ) - پەیامبەرێکە.
٣-قاچ - ڕێکخراوێکە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (پ)- بەشێکە لە لەش
٤- خزمێکە(پ)- لەسەر بەردەوام- وەکو یەك.
٥- زاویە(پ) - وەکو یەك - ڕوناك.
٦- بە کەیف- وەکو یەك.
٧- پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە - شاعیرێکی کوردبوو.
٨- چوار پیتی بەیانی- بزر(پ) -وازی.
٩- سێ پیتی ناسر- ناوێکی کچانە- ماڵ بە عەرەبی.
١٠- نیوەی سانا - هاوینە هەوارێکی کوردستانە- گەورە.
١١- کێبل(پ) - شاعیرێکی کوردبوو(پ).
١٢- هەرێمێکە لە کەنەدا- جۆری ئۆتۆمبێلێکە(پ).

## ستوونی:

١- چیایەکی کوردستانە- چیایەکی کوردستانە(پ).
٢-بەفربارینی زۆر(پ)- شاعیرێکی کوردبوو.
٣- دوو پیتی نیل - شاعیرێکی ڕووسی بوو- لۆ.
٤- ساف(ت) - ڕوبارێکی ئەوروپیە- باڵدارێکە(پ).
٥- ناوێکی کوڕانە- ژمارە یەکە- مەی گێڕ.
٦- پایتەختی ئەوروپیە- ڕوبارێکی کوردستانە(پ).
٧- تازە- وڵاتێکی ئەمەریکیە(پ).
٨-حوری(ت) - نیوەی مادە- پێش نەخۆشی(پ).
٩- سێ پیتی یەمەن- پێشبڕکێ ئۆتۆمبێلە- یاریزانێکی ئیسپانیە(پ).
١٠- نیوەی محمد - گەڕکێکی شاری هەولێرە(پ)- وەکو یەك.
١١- کچە گۆرانیبێژێکی میسریە(پ)- ناوێکی کچانە(پ).
١٢- شاعیرێکی کوردبوو- دۆزەرەوەی تانك(پ).

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



ئەو کێشەو گرفتانەی کە ماوەیەکە هەتبوون وردە وردە بەرەو نەمان دەچن، دەمەقاڵێت لەگەڵ هاوڕێیەکت دەبێ، دەبێ زۆر هێمن بیت تا زۆر نەخایەنێت، خۆشەویستەکەت ڕۆڵێکی ئیجابییانە لە قسەکانت دەگێڕێت.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



بەهۆی ئەو هەوڵانەی کە ماوەیەك لەمەو پێش ئەنجامت دابوو لەبواری کارەکەتدا، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ سوودی لێوەربگریت، ئەو کێشەیەی کە توشت دەبێ وات لێدەکات ئاگات لەخۆشەویستەکەت نەمێنێ.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١




بەهۆی بەهێزی توانات چەند پرۆسەیەك ئەنجام دەدەیت کە سوودێکی زۆرت پێ دەگەیەنێت، لەبواری داراییدا ئاسوودەییەکی زۆر لە ڕێگاتە، ژیانی کۆمەڵایەتیشت پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩




ئەوەندی بە تەماعیت کە دەتەوێت بەزووترین کات ببیتە خاوەنی گەورەترین سامان و داهات، ئەمەش بۆ هیچ کەسێك ڕووی نەداوە تا بۆ تۆ ڕوو بدات، بۆیە دڵتەنگ دەبیت و فشارێکی زۆر دەخەیتە سەر خۆشەویستەکەت.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



تۆ کەسێکی کە هەمیشە بڕوات بەسەرکەوتنی خۆت هەیە لەگشت بوارەکان، بەڵام ئەمڕۆ لەئەنجامدانی کارێکدا دوو دڵیت، هەوڵبدە زیاتر لەخۆشەویستەکەت نزیك ببیتەوە تا لەئازارەکانی بگەیت.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



ئەوەندە مێشکت بەشتی پڕوپوچ خەریك مەکە، ڕەنگە باری تەندروسیت ڕوو لەخراپی بێت، دڵی خۆشەوییستەکەت مەڕەنجێنە کە دەزانی پێویستیت پێیەتی.

## نوکتە



- کوڕێك بەبیجامەوە دەچێتە خوازبێنی کچێك.
باوکی کچەکە پێی دەڵێت بەخێربێیت سەرچاو، بەڵام بۆ بەبیجامەوە هاتوویت؟
کوڕەکە لەوەڵامدا دەڵێت:
ئەگەر خوا بەنسیبی بکات بەتەمام لێرە بمێنمەوە!!!!!!

* * *

- چوار کچی قەیرە زۆر حەزیان لە شووە و کەس داوایان ناکات. لافیتەیەک هەڵئەواسن و لێی ئەنووسن؛ کچێک بهێنە و سیان بە دیاری وەربگرە.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش



بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە